Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# پەیڕەو وپرۆگرامی چاودێری کوردۆساید-چاک
# پەسەندکراوی کۆنگرەی سێیەم

**ناوەڕۆک**


1. **پێشەکی**
2. **پێناسە**
3. **ئامانجەکان**
4. **پەیڕەوی ناوخۆ**
5. **پاشکۆی پەیڕەوی ناوخۆ**


## 1. پێشەکی

کوردستان لە سەردەمی نوێ و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، هەروەها بەتایبەتی لەدوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و کۆتاییی جەنگی جیهانی یەکەم، ئاڵوگۆڕی لە لایەن داگیرکەری جیاجیاوە پێکرا و بەژێر دەستەیی مایەوە، لەو ماوەیەدا و تا ئێستا خەڵکی کوردستان بەرەوڕووی چەوساندنەوە و هەوڵی تواندنەوەی بەردەوام بوون، ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کوردستان کراون کەمتر نین لەو تاوانانەی

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

بەرامبەر گەلانی تری وەکو ئیندیانەکانی ئەمەریکا، ئەرمەن، جولەکە، هوتووەکانی بۆرۆندی، توتسییەکانی رواندا، بۆسنییەکان ودارفورییەکان گەلانی دیکە کراون .

بەدرێژایی تەمەنی داگیرکاری لە کوردستاندا، هەزاران گوند، شارەدێ و شارۆچکە سوتێندراون و خاپوورکراون. خەڵکی کوردستان لەکات و سەردەمی جیاجیادا بەسەدان هەزاریان دەرکراون یان راگوێزراون و لەشوێنیاندا تورک، فارس و عەرەب نیشتەجێکراون. ناسنامەیان لێسەندراوە یان بەزۆر گۆڕدراوە، راوەدوو نراون، دەستدرێژی کراوەتە سەریان، زیندانیکراون، رفێندراون و شوێنبزرکراون. ئەو پاکتاوە سیستەماتیکییانە لە لایەن داگیرکەرانەوە پیادەکراوە. هەموو ئەو تاوانانە بەرامبەر بەبوونی نەتەوەی کورد و ئەندامانی سەر بەم نەتەوەیە لەبەر کورد بوون ئەنجامدراون .
داگیرکەرانی کوردستان سڵیان لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی وەکو ژاری کیمیاوی و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی نەکردۆتەوە. ژینۆسایدکردنی کوردەکانی ناوچەی دەرسیمی باکووری وڵات لە ساڵانی 1937 و 1938دا ژاری کیمیاوی بۆ لەناوبردنی کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکارهاتووە کە پێشتریش لە ساڵی1915ەدا,گەلی ئەرمەنی جینۆسایدکرد و زیاتر لە ملیۆن و نیوێک هاووڵاتی ئەرمەنی لە ناو برد, هاوکات سریانەکانیش بێبەش نەکران لە کۆمەڵکوژی. لەبەهاری ساڵی 1987 لە گوندەکانی بانە و مەریوانی خۆرهەڵاتی ووڵات، گوندەکانی خۆشناوەتیی وەکو شێخوەسان و بالیسانی باشووری ووڵات هەروەها دواتر شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی ووڵات وەکو یەکەمین شاری کوردستان، ژاری کیمیاوی لە ژینۆسایدی کوردادا بەکار هاتووە. لە مارتی 1988دا گەورەترین هێرشی کیمیاوی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئێراق کرایە سەر خەڵکی بێبەرگریی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان. هەر لە هەمان ساڵدا لە ناوچەکانی سێوسێنان، گەرمیان، گۆپتەپە،خۆشناوەتی، باڵەکایەتی و بادینان لە باشووری کوردستاندا ژاربارانی ئەم ناوچانە کرا .

کۆمەڵکوژیەکانی قەڵادزێ، قارنێ و قەڵاتان ، عاموودا و دە رسیم و هی دیکە ئاماژە بەپاکتاوی رەگەزی و تاوانی جەنگ و دژ بەمرۆڤایەتی دەکەن. بەعەرەبکردن، تواندنەوە و پاکتاوی سیستەماتیکیانەی کوردە فەیلییەکان و ئێزدیەکان لە باشووری کوردستان و ئێراقدا، کۆمەڵکوژیی نزیکەی 8000 بارزانی لەساڵی 1983 و 182.000 هەزار کەس لە پرۆسەی ئەنفال لە ساڵی 1988دا، لەگەڵ خاپورکردنی هەزاران گوند و شارەدێ و شارۆچکەی باشووری کوردستان بەڵگەی بوونی تاوانی ژینۆساید دەسەلمێنن.
نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان، راگواستنی زۆرە ملێیانەی گوندەکان و هەوڵدان بۆ تێکدانی شوێنەوارەکان و ... هتد، بەشێکی دیکەیە لەسیاسەتی پاکتاوی رەگەزی و ژینۆساید، کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراوە .
بە هەمان شێوە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەیەک بەناوی کوردەوە، سیاسەتی تەعریبکردن لە رۆژئاوای کوردستان و دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری کوردان بەیاسا بەڕێوە دەچێت لە سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی دژ بە کورد سەرچاوە دەگرێت.

**مێژووی دروستبوونی چاودێری کوردۆساید**

بەهۆی لەبیرکردن، کەمتەرخەمی و بێدەنگی بەرامبەر بە دۆسییەی هەڵەبجە و ئەنفال و سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە رێکەوتی 6-1-2002 بەبانگەوازێک کە لە ماڵپەڕی کوردستان

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

نێت بڵاو کرایەوە، کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال ڕاگەیەنرا، لەدەستپێکدا دەستەیەک لەکوردستانییانی هەندەران و ناوخۆی کوردستان لەدەوری کۆبوونەوە و بوونی ڕێکخراوێکی وایان بەپێویست زانی .سەرەتا لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت لەڕێگەی پاڵتۆلک (ژووری کوردستان پێشکەوتنخوازان) درێژەی بەکار و چالاکیەکانی خۆیدا. ئەم کەمپینە درێژەی کێشا و خەڵکی دیکەی لێ کۆبووەوە، کە پێویستبوونی ڕێکخراوێکی گەورەتر و خاوەن ئاسۆیەکی دوورتری هێنایەپێشەوە. ئەوەبوو لەمانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا لە کۆبوونەوەیەکدا لە پاڵتۆلک، کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال گۆڕدرا بۆ ڕێکخراوێکی سەربەخۆی خاوەن پەیڕەو و پرۆگرام، بە ناوی "ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد (چاک)"، کە وەکو ناوەندی چاک ناسرا و لەکار و چالاکیەکانیدا بەردەوام بوو. لە 3-6-2006دا یەکەم کۆنگرەی زیندووی خۆی لە ئاڵمانیا لە باژێڕی کۆڵن بەست. لەم ماوەیەی تەمەنی چاکدا گەلێک کار و چالاکی گرنگ لە بوارەکانی ناساندنی ژینۆساید و بەدادگاییگەیاندنی تاوانباران ئەنجام دراون. لە1-2 ی دیسەمبەری2007دا، ناوەندی چاک کۆنگرەی دووەمی ئاوارتەی خۆیی لە ئاڵمانیا بەست، هەروەها لە پلۆنۆمی شەهید سۆران مامە حەمەی چاکدا کە لە بەرواری24-25ی ژەنیوەری 2009 لە شاری ئارنهیمی هۆڵەندا بەسترا,ناوی ناوەند لە "ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک "ەوە گۆڕا بۆ "چاودێری کوردۆساید-چاک". لە ڕۆژانی 27، 28 و 29ی نۆڤەمبەری 2009دا، کۆنگرەی سێیەمی خۆیی لە وڵاتی دانمارک لە باژێڕی ئاسنێس گرێدا. ئەو کۆنگرانە گوڕێکی زۆر باش بوون تاوەکو ڕێکخراوەکە باشتر بە کارەکانی خۆیدا بچێتەوە و پلانی هەنگاوەکانی داهاتووی دابڕێژێت.

**پێناسە:**

ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات.

**ئامانجەکان:**

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی (مەڵبەندێکی توێژینەوەی زانستیی تایبەت بە ژینۆسایدی کوردستانییان) لە باشوری کوردستاندا و هەر بەشێکی دیکەی کوردستان کە بواری دامەزراندنی هەبێت. بۆ :
آ/ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تاوانی پاکتاوی ڕەگەزی، کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە گەلی کوردستان .

ب/ لێکۆڵینەوە و بەدۆکیومێنتکردنی تەواوی ئەو تاوانانەی کە بوونەتە هۆی قەڵاچۆکاری و تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە کوردستاندا، لە لایەن هەر دەسەڵاتێکەوە بووبێت .
پ/ ناساندنی ئەو تاوانانەی دژ بە کوردستانییان وەک هەوڵی پاکسازیی ڕەگەزی و ژینۆساید لە ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا، هەروەها ناساندنی تاوانە کۆمەڵکوژیەکان بە جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی چاپکردنی کتێبی بەڵگەنامەیی بە زمانە بیانییەکان و بەرهەمهێنانی فیلم و فیلمی دۆکومێنتەری لەسەر ئەو کارەساتانە.
ج/ بەمیللیکردنی کارەساتەکانی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید، بە مەبەستی درووستکردنی هوشیارییەکی

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەكو كەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایكبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەكە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

مرۆڤدۆستانە لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەمەش لەرێگای جێکردنەوەی ئەو بابەتانە لە ناو کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستاندا. هاوکات لەسەر ئاستی میللیش کاری بۆ بکرێت لە رێگەی سازکردنی سیمینار و چاپکردنی گۆڤار و کتێبی تایبەت بەم بابەتە.

چ/ راهێنانی خەڵکانی پسپۆر و ئەکادیمی بۆ تۆژینەوە لە سەر تەرمەکانی گۆڕەبەکۆمەلەکان و کەلوپەلەکانیان و شارەزایانی هەڵدانەوەی گۆرە بە کۆمەڵەکان.

ح/ کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو لەسەر قوربانییانی هەر یەک لە کۆمەڵکوژییەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی شەڕی ناوخۆ، کە تائێستا چارەنووسی زۆرێکیان دیار نییە.

-2درێژەدان بە گەڕانی تیمە پسپۆڕیەکان بۆ دۆزینەوە و پشکنینی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، کۆکردنەوەی زانیاری ورد و تەواو لەسەر ژمارەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، ناسنامە و ژمارەی قوربانیان، شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان.
-3کردنەوەی مۆزەخانەیەک، کە هەموو کەلوپەل و پاشماوەکانی تاوانی ئەنفال و قوربانیانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە کوردستان، ناسنامە و بەڵگەنامەکانی قوربانیان، بڕیاری تاوانەکان و وێنە و دۆکیۆمێنتی جۆراوجۆر و ناوی قوربانیان و وێنە، سەربووردە و گێڕانەوەکانی رزگاربووانی ئەنفال و قوربانیانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، نامەی ئەکادیمی و زانستی و توێژینەوەکانی ئەم بوارە، کتێب و راپۆرتی رێکخراوە جیهانییەکان لە سەر ئەو تاوانە... هتد لەخۆ بگرێت .
-4کێشکردنی تاوانباران (داڕێژەرانی بیرۆکەی پاکتاوی رەگەزی و ژینۆساید، نەخشە داڕێژەرانی، جێبەجێکەرانی، هاوکارەکانی) بۆ دادگا، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانمان، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ناردنی دۆسیەکان بۆ دادگای نێودەوڵەتی باشترین خزمەت بە دۆزی گەلەکەمان دەگەیەنێت، بۆیە بردنی دۆزی کۆمەڵکوژیەکان و ژینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ دادگایەکی لەم جۆرە داخوازیی ئێمەیە، ئەرکی رێکخراوەکەمانە کە:

-زانیاری لەسەر تاوانکاران و تاوانەکانیان کۆبکاتەوە.
-سکاڵایان لەسەر تۆمار بکات.
-شوێنپێی هەڵاتووەکان هەڵبگرێت و بیاندۆزێتەوە.

-مۆنومێنتی تایبەتیان بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی میللی وەک تاوانکارێک لە یاد نەکرێن .
-5دەبێت دەوڵەتانی تاوانبار بە یاسای تایبەت دان بە تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی گەلی کودستاندا بنێن و وەک ئەرکێکی ویژدانی و مۆراڵی و مرۆڤایەتیش بەفەرمی داوای لێبووردن لەگەلی کوردستان بکەن، هەروەها حکومەتی ئەو وڵاتانە قەرەبووی زیانە مرۆیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە شوێنی رووداوەکە کەوتوون، بکەنەوە .

-6بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسایی دژ بەو کۆمپانیا و دەوڵەتانەی کە هاوکاری رژێمی تاوانکاریان لە فرۆشتن، دروستکردن و گواستنەوە، یارمەتیی لۆجیستی، پەرەپێدانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی کردووە.
-7هەوڵدان بۆ دیاریکردنی رۆژی 3/16 وەک رۆژی جیهانی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئاستی جیهان, هەروەها رۆژی 4/14 وەک رۆژی ژینۆسایدی ئەنفال لە سەر ئاستی کوردستانی .

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

8- یادکردنەوەی تاوانەکان و بەرز ڕاگرتنی یادەوەری قوربانیانی گەلەکەمان ,یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ناوەندەکەمانە,هەر بۆیە ساڵانە بە گرنگییەوە ئەم یادانە دەکاتەوە :

ا- یادکردنەوەی قوربانیانی کیمیاویی شاری سەردە شت لە بەرواری 6/28 و تاوانی کۆمەڵکوژی قارنی لە بەرواری 9/2 ی هەموو ساڵێک.

ب- یادکردنەوەی قوربانیانی عامودا لە بەرواری 11/13 ی هەموو ساڵێک.
پ- یادکردنەوەی تاوانی ژینۆسایدی دەرسیم لە بەرواری 16-11 هەموو ساڵێک (ڕۆژی لەسێدارەدانی شیخ ڕەزا و هاوڕێکانی .(

ت- یادکردنەوەی قوربانیانی ژینۆسایدی فەیلییەکان لە بەرواری 10-4 و ژینۆسایدی بارزانییەکان لە بەرواری 31-7 ی هەموو ساڵێک .

9- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای ژنانی بەجێماوی ئەنفال لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕووناکبیری لە ڕێگەی پرۆژەی جۆراوجۆر بە سودوەرگرتن لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. (گەشەپێدان و دابینکرنی پێداویستیی تایبەت بۆ منالان و هەروەها خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان.(
10- هەوڵدان بۆ ڕێکخراوکردنی کەسوکاری قوربانییان و بەدیهێنانی خواستە ڕەواکانیان لە دابینکردنی خانو و پێداویستییە سەرەتاییەکان و گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.

11- کارکردن بۆ باشترکردنی باری ژیانی کەسوکاری قوربانیان بە کەمکردنەوەی جیاوازی داهاتیان لە گەڵ خاوەن موچە باڵاکان، جیاوازی بەرزترین موچە لەسەر ئاستی هەرێم لەگەڵ کەمترین موچەی قوربانیان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نابێت یەک بە دە زیاتر بێت. هاوکات هەموو جیاوازییەک لە نێوان موچەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان و پلەکردن و جیاوازیکردن لەسەر بنچینەی حیزبایەتی و بنەماڵەیی پێویستە نەمێنێت، لیستی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و موچەکانیان بە شێوەی ترانسپەرانت بڵاوبکرێتەوە، هاوکات پێویستە:

- هەموو شەهیدانی هاووڵاتی کە بەدەستی ڕژێمی بەعس شەهید کراون وەک شەهیدی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بناسرێن و لە رووی ئیمتیازەوە جیاوازیان لەگەڵ شەهیدانی دیدا نەبێت.

- هەموو تێکۆشەران و هاوڵاتیانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لە باشوور تیرۆرکراون وەک شەهید بناسرێن و هەوڵی دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەو کارەساتە بدرێت.

- هەموو بێسەروشوێنان کە چارەنووسیان دیار نییە وەک شەهید بناسرێن، یاخود لە ماوەیەکی نزیکدا چارەنووسیان دیاریبکرێت ئەگەر ماون.

12- تێکۆشان (کارکردن) بۆ چارەسەرکردنی قوربانیەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، هەروەها نەوەکانی دوای تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەهۆی

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

پاشماوەی شوینەواری ژاری کیمیاوی و چەکی کۆمەڵکوژی تەندروستیان ناتەواوە و یان لە رووی دەروونییەوە ئازار دەچێژن.

13- پەرەپێدانی هۆشیاریی گەلی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی کەسوکاری قوربانیان، سەبارەت بە ناوەرۆکی مەبەستی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، هەروەها مافی قوربانییان و ئەو رێگە یاسایانەی بۆ بەدەستهێنانیان دەکرێت بگرێنە بەر.

14- دژایەتی و بەرهەڵستی و لە قاودانی هەر تاوانێک بەرامبەر بە کەمە نەتەوایەتی و ئاینیەکانی دانیشتووی کوردستان ئەنجام بدرێت، پشتیوانی لە ناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان ئەنجامدراوە لە رابردوودا.
15- بەشداریکردن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی دژ بە ئەنجامدانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە گەلان رێکدەخرێت لە جیهاندا
.
16- چاودێری کوردۆساید پشتیوانی دەکات لە:

- دادگای تاوانی نێونەتەوەیی ناسراو بە.ICC

- پشتیوانیکردن لە رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی ناسراو بە .OPCW
- پشتیوانیکردن لە کار و هەوڵ و کۆششی رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ.
- پشتیوانیکردن لە هەموو هەوڵێک بۆ سەپاندنی ئاشتی و بنەبڕکردنی جەنگ و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و هێشویی و قەدەغەکردنی مین لە ئاستی جیهانی... هتد.
- پشتیوانیکردن لە قەدەغەکردنی چەکدارکردنی منداڵان .
- پشتیوانی لە کارو چالاکی رێکخراوەکانی دژ بە راستیزم و رەگەزپەرستی و کۆیلەداری.
- پشتیوانیکردن لە کارو خەباتی رێکخراوەکانی ژینگە پارێزی.

پەیڕەوی ناوخۆ :

بەندی 1: ناوی رێکخراو:

چاودێری کوردۆساید - چاک

Kurdocide Watch – Chak

بەندی 2: ئۆرگانەکانی رێکخراوی چاودێری کوردۆساید - چاک:

1. کۆمیتەی وولاتان و لیژنکانی

2. دەستەی کارگێڕ و بەشەکانی

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

3.لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواچوون
4.کۆبوونەوەی گشتی
5.پلینیۆم
6.کۆنگرە

بەندی 3: ئەندامبوون:

بە ئەندام بوون ئازەزومەندانەیە و کراوەیە بۆ هەر کەسێک، بەم مەرجانەی خوارەوە:
1.تەمەنی لە 16 ساڵ کەمتر نەبێت .
2.بڕوای بە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوەند هەبێت و فۆرمی ئەندامەتی پڕکردبێتەوە , بڕوای بەوە هەبێت کە چاودێری کوردۆساید لە خزمەتی ئەو دۆزەدایە کە لە پێناویدا دامەزراوە.
3.ئابوونەی ئەندامەتی بدات .
4.بەتاوانێکی ناشیاو لە دادگایەکی باوەر پێکراودا سزا نەدرابێت و بەشداری لەو تاوانانەدا نەکردبێت کە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون .
5.ئەندامی هیچ دەزگایەکی سیخوڕی سەر بە وولاتانی داگیرکەر، یان دەوڵەت و پارتێک نەبێت.

بەندی 4: مافەکانی ئەندام:

کۆمیتەی وولاتەکان مافی وەرگرتنی ئەندامانیان هەیە، گەر هەر وولاتێک کۆمیتەی نەبوو ئەوکاتە بەشی رێکخستنی دەستەی کارگێڕ ئەو مافەی پێدەدرێت.
1.هەر ئەندامێکی چالاک مافی خۆکاندیدکردن و دەنگدانی هەیە بۆ هەر ئۆرگانێک لە ئۆرگانەکانی چاک، بەگوێرەی ماوەی دیاریکراوی ئەندام بوون و مافەکانی لەم روانگەیەوە.
2.مافی کار و چالاکی هەیە لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامدا.
3.مافی پێشنیاز و رەخنەگرتنی هەیە.
4.مافی خۆ سڕکردن و وازهێنانی هەیە.
5.مافی بەرزکردنەوەی سکاڵای بۆ ئۆرگانەکانی سەرووتری کۆمیتە هەیە.

بەندی 5: ئەرکەکانی ئەندام:

1.هەوڵ بدات لایەنی کەم لە یەکێک لە ئۆرگانەکانی چاکدا هەڵسوڕاو بێت.
2.هەوڵ بدات یارمەتی مادی و مەعنەوی بۆ چاک کۆبکاتەوە.
3.ئەندام خۆی دەستنیشانی کار و هەڵسورانی خۆی دەکات بەمەرجێک لە چوارچێوەی پەیڕەو و پڕۆگرامی چاکدا دەرنەچێت.
4.ئەندامی چالاک بەپێی شوێنی رێکخراوەیی ئەو ماف و ئەرکانەی لەو پەیڕەوەدا هاتووە دەگرێتە ئەستۆ .
5.ئەندامی ناچالاک بەگوێرەی کات لە چالاکیەکاندا بەشدار دەبێت .

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

**بەندی 6: لەدەستدانی ئەندامیەتی**

**ئەندامەتی هەر کەسێک لەناو ئەم ڕێکخراوەدا کۆتایی دێت ئەگەر:**

**1- خۆی بە نووسراو یا بە فەرمی رایبگەیەنێت.**

**2- دژ بە پەیڕە و پڕۆگرام کار بکات. یا یەکێک لە مەرجەکانی وەرگرتنی کە پێی وەرگیراوە لەدەست بدات.**

**3- هەوڵی بە پاشکۆکردنی ناوەند بۆ پارت یان لایەنێکی رامیاریی دیاریکراو بدات. ئەویش پاش ئەوەی بە بەڵگە دەسەلمێنرێت.**

**4- هەرکەسێک هاوکاری هەر حیزب و بزووتنەوە و دەوڵەتێک بکات کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، یان پێشتر دەستیان لەو تاوانانەدا هەبووبێت.**

**5- ئەگەر بە نامەی فەرمی 2 جار ئاگادار کرابێتەوە کە لە پرینسیپی کاری ڕێکخراوەیی لایداوە، یان ئەگەر جارێک سڕکرابێت لەسەر ئەو لادانەی کە هەیبووە لە پرینسیپی کاری ڕێکخراوەیی، دوای ئەوە هەر لادانێک لە پڕێنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێشنیازی دەرکردنی بخرێتە بەردەستی دەستەی کارگێڕ.**

**بەندی 7: جۆرەکانی لێپرسینەوە**

**1. ئاگادارکردنەوە**

**2. سڕکردن**

**3. دەرکردن، توندترین سزای ناو ئەم ڕێکخراوەیە.**

**بەندی 8: دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لێپرسینەوە و شێوازەکانی**

**1. کۆمیتەکان مافی لێپرسینەوە، ئاگادارکردن، سزادان و دەرکردنیان هەیە .**

**2. ئەگەر ئەندام ئەرکی لە ئۆرگانەکانی سەرووی کۆمیتەی هەبوو، بڕیاری دەرکردنی تەنها بۆ باڵاترین ئۆرگانی ناوەند دەگەڕێتەوە.**

**3. پاش خستنەڕووی پێشنیازی سزا بە بەڵگەوە لەلایەن ئەندامان یان ئۆرگانەکانەوە بە دەنگی زۆرینەی (51%) پێشنیارەکە پەسەند دەکرێت.**

**4. ئەندامی سزادراو مافی سکاڵا و پێداچوونەوەی بە بڕیاری سزاکەدا هەیە لە ماوەی 30 رۆژدا لە رێگەی کۆمیتەی وڵاتەکەیەوە. ئەگەر کۆمیتە لەو وڵاتەدا نەبوو، ئەو کارەی ئەنجام نەدا ئەوا لە رێگەی دەستەی کارگێرو لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدوواداچوونەوە کارەکەی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت .**

**بەندی 9: وازهێنانی ئەندام**

**1. هەر ئەندامێک لە دەستکێشانەوە ئازادە، مەرجیش نیە روونکردنەوە لە بارەیەوە بدات بەڵام مەرجە وازهێنانی خۆی بەفەرمی و لەڕێگەی نامەی فەرمیەوە رابگەیێنێت.**

**2. لەگەڵ راگەیاندنی فەرمی دەست لە کارکێشانەوەو پەسەندکردنی لە کۆمیتەی وڵاتەکەی یا دەستەی کارگێڕ هەموو مافێکی ئەندامەتی لەدەست دەدات.**

**3. ئەندامی وازهێنراو بۆی هەیە تا 14 رۆژ لە لەدەستکێشانەوەی کارەکەی پەشیمانبێتەوە و بگەڕێتەوە سەر هەمان پۆستی ڕێکخراوەیی پێشوو بەبێ پڕکردنەوەی فۆرم.**

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**

.4ئەگەر ئەندامی دەست لە کارکێشاوە سووکایەتی بە چاک و ئەندامانی کردبێت ویستی بگەڕێتەو ئەوا دەبێ بە فەرمی بەنامەیەک داوای لێبوردن بکات و دوا جاریش لە ڕێگەی کۆمیتەکەیەوە یاخود ئۆرگانی باڵاوە دەنگدانی بۆ بکرێت بۆ گەڕانەوەی.
.5ئەندامی دەست لە کارکێشاوە لە دوای گەڕانەوەی بۆ ناوەند دەبێت ئامادەیی لێپرسینەوەی تێدابێت ئەگەر کێشەیەکی دروستکردبێت.

بەندی 10 : کۆمیتەی وولاتان

.1یەکەی بنچینەیی و نوێنەری فەرمی ڕێکخراوی چاکە لەو وولاتەی کە تیایەتی.
.2لە هەر وولاتێکدا 3 تا 5 ئەندام بنکەیەک پێک دەهێنن، 5 ئەندام زیاتر دەتوانن کۆمیتە پێکبهێنن.
.3کۆمیتە دەتوانێت بەشەکانی تایبەت بەکارەکانی وەک دارایی، پەیوەندییەکان، ڕاگەیاندن هتد. دروست بکات.
.4پێویستە هەر کۆمیتەیەک کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بکات کە تیایدا بەرپرسی کۆمیتە، جێگرەکەی، لیژنەکانی ناو کۆمیتە و بەرپرسەکانیان دیاری دەکرێن.
.5کۆبوونەوەی ئاوارتە (نائاسایی) بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتە 51% دەبەسترێت و دەسەڵاتی ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوەیی هەیە.
.6پاڵێوراوی بەرپرسی کۆمیتە دەبێ شەش مانگ ئەندامی چالاک بووبێت.
.7بەرپرسی کۆمیتە ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێر.
.8بەرپرسی کۆمیتە لە ئەگەری نەخۆشی درێژخایەن یا دوورکەوتنەوەی لەبەر هەر هۆیەکی دیکە، ئەوا جێگر یا ئەندامێکی دی بە پشتگیری ئەندامان کارەکانی دەگرێتە ئەستۆ تاکو بە هەڵبژاردن یا لە ڕێگەی کۆنفرانسی کۆمیتەوە کەسێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت.
.9ئەندام دوای شەش مانگ ئەندام بوون، مافی کاندیدکردنی خۆی بۆ کۆنگرە هەیە.

بەندی 11: دەستەی کارگێر

-1فراوانترین و بەدەسەڵاتترین ئۆرگانی باڵایە. نوێنەرایەتی چاودێری کوردۆساید دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و جیهان.
-2بەڕێوەبردن، داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت، بەرنامەی کار و چالاکیەکان لە نێوان دوو کۆنگرەدا ئەنجام دەدات.
-3پێکدێت لە:
*سەرپەرشتیاری دەستەی کارگێر
*جێگری سەرپەرشتیاری دەستەی کارگێر
3 *ئەندامی دەستەی باڵای باشوور
*بەرپرسی کۆمیتەی ڕۆژهەڵات
*بەرپرسی کۆمیتەی باکوور
*بەرپرسی کۆمیتەی خۆرئاوا!
*بەرپرسی کۆمیتەی وڵاتەکان

*بەرپرسی بەشەکان [ پەیوەندیەکان (2 کەس بۆ کوردستان و دەرەوە)، راگەیاندن، رێکخستن و دارایی، پرۆژە و پلان، مەلەفی تاوانباران.
4- ئەندامانی دەستەی کارگێر لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن، جگە لە کۆمیتەی وڵاتان.
5- ئەندامانی دەستەی کارگێر لەهەر وڵاتێکدا بن، پابەندی بڕیارەکانی کۆمیتەن و لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەدا لە ماف و دەسەڵاتدا یەکسانن.
6- مانگانە کۆبوونەوە دەکەن.
7- مافی ئاگادارکردنەوە، سڕکردن و لێسەندنەوەی ئەندامەتی هەیە هەروەک لە بەندی هەشت، خاڵی (2)دا هاتووە.
8- ئەندامی چالاک دوای شەش مانگ ئەندام بوون، مافی خۆکاندیدکرن و پاڵاوتنی بۆ ئەندامەتی دەستەی کارگێری هەیە.

بەندی 12: بەشەکانی ناو دەستەی کارگێر

1- بەشەکان بریتین لە : پەیوەندیەکان (کوردستان و دەرەوە(، راگەیاندن، رێکخستن و دارایی، پرۆژەو و پلان، مەلەفی تاوانباران .
2- بەرپرسی ئەم بەشانە ئەندامی دەستەی کارگێڕن کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەن.
3- ئەندامانی هەر بەشێک پێک دێن لە بەرپرس و بەرپرسانی هەمان بەش )لیژنە) لە کۆمیتەی وڵاتان .
4- هەر بەشێک بەپێی پێویست کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.
5- هەر بەشێک ئیمێل گروپی تایبەت بە خۆی دەبێت. کە لە پاشکۆی ئەم پێڕەوەدا یاساکانی بەکارهێنانی دیاری کراوە.
6- ئەرکەکانی هەر یەک لەم بەشانە و سنووری دەسەڵاتیان بە پاشکۆیەک دیاری کراوە.

بەندی 13 :مافەکانی دەستەی کارگێڕ

1- مافی بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەی ئاسایی و کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەکاندا هەیە .
2- مافی پیشنیازی کۆنگرەی ئاوارتەیان هەیە، کە کۆبوونەوەی گشتی بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات.
3- لە نێوان خۆیاندا کارەکان دابەش دەکەن.
4- دەستەی کارگێڕ بە بڕیاری زۆرینە توانای پڕ کردنەوەی کەلێنەکان و زیادکردنی ژمارەی دەستەی کاڕگێڕیان هەیە بەپێی پێداویستییەکان.
5- بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕ بە زۆرینەی دەنگ دەبن، ئەگەر ناتەبایی هەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەست لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. پێشنیازی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواچوون پەیوەستدار دەبێت.

بەندی14: کۆنگرە

1.بالاترین ئۆرگانی چاودێری کۆردۆ سایدە، کە تیایدا بڕیاری چارەنوسساز دەربارەی شیوازی کارکردن، ئامانجەکانی چاودیری کوردۆ ساید، پێکهاتەی رێکخراوەیی و چارەنوسی ناوەندەکە دەدرێت.
2.هەر دووساڵ جارێک بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم ئۆرگان و یەکەکانی دیکەی چاودێری کوردۆساید لە

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە کۆمیتەی ناوەندی تێدایە دەبەسترێت.
.3ڕێکخراو دەتوانێت کۆنگرەی ئاوارتە لە کاتی پێویستدا ببەستێت.
.4ئەندامانی دەستەی کارگێر، لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تێدا هەڵدەبژێردرێت.
.5ئەندامی چالاک 6 مانگ ئەندام بووبێت، مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانە باڵاکان.

بەندی 15: کۆبونەوەی گشتی

.1بریتییە لە کۆبوونەوەیەک، کە لە ڕێگەی دەزگایەکی چاتی سەر ئنتەرنێتەوە دەبەسترێت و تەواوی ئەندامان بۆیان هەیە بەشداربن.
.2بۆ لێدوان لە سەر چالاکی و کەمپین، گفتوگۆ لەسەر گرفتە ناوخۆییەکان، بیروڕا و هەڵوێست گۆڕینەوە لەسەر بابەتەکانی ڕۆژ کە پەیوەندیان بە [چاک]ەوە هەیە، کۆبوونەوەی گشتی دەبەسترێت.
.3کۆبوونەوەی گشتی لە ژوورێکی تایبەتی دەزگایەکی چاتی سەر ئنتەرنێتدا 3 مانگ جارێک یان بەپێی پێویست دەبەسترێت.
.4ئەم کۆبوونەوانە بە بانگەواز و داوای دەستەی کارگێر دەبەسترێن.
.5ئەو بڕیارانە دەخاتە دەستووری کاریەوە کە ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە وەک دەسەڵات بە ئۆرگانە جیاجیاکانی ئەم ڕێکخراوەی نەبەخشیوە .
.6گەر کێشەیەک لە دەستەی کارگێڕ و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون چارەسەر نەکرا ئەوا کۆبوونەوەی گشتی یەکلای دەکاتەوە.
.7کۆبوونەوەی گشتی لەلایەن سەرپەرشتیاری دەستەی کارگێر و جێگرەکەیەوە بەڕێوەدەچێت.

بەندی 16: دارایی و سەرچاوەکانی

-1ئابوونەی ئەندامەتی لانیکەم 30 یۆرۆیە ساڵانە بۆ دانیشتوانی ئەوروپا، ئوسترالیا، ئەمەریکا و کەنەدا، کە دەکرێت بە دوو جار یا جارێک بدرێت .
-2ئابوونەی ئەندامانی دانیشتووی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمیتەکان خۆیان بەپێی باری ئابووریی بەشەکانی کوردستان دیاریی دەکەن.
-3کۆمەکی بێ مەرجی کەس و ڕێکخراوەکان.
-4کۆمەکی دەوڵەتیی تەرخان کراو بۆ ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەکان.
-5داهاتی دەستکەوتوو لە بڵاوکراوە و بەرهەمەکان و پرۆژەکانی پەیداکردنی دارایی.
-6سەرچاوەکانی دارایی و بڕی ئەو داراییەی کە ئەم ڕێکخراوە هەیەتی، هەروەها چۆنیەتی خەرجییەکانی نابێت لە ئەندامان شاراوە بێت. بۆ ئەو مەبەستە بەشی دارایی ساڵانە یا کەمتر بە ڕاپۆرتێک ئەم ڕێکخراوەی لێ ئاگادار دەکاتەوە.
-7دارایی، ژمێریاری تایبەت بەخۆی دەبێت.
-8لەسەر بەرپرسی بەشی دارایی کۆمیتەکانە،کە بڕی تێچونی هەر چالاکییەک لە ڕاپۆرتەکانیدا باس بکات، تاوەکو خەرجی و تێچونی چالاکییەکان ڕۆشن بن.
-9ساڵانە بە نامەیەکی فەرمی لە لایەن بەرپرسی گشتی دارایی ناوەندەوە داوا لە: حکومەتی هەرێم، کەسانی دەوڵەمەند لە ناوخۆ و هەندەران بکرێت بۆ کۆمەککردن بە چاک، دواتر بە سوپاسنامەیەک ناوی ئەو کەس و

لایەنانە بڵاوبکرێتەوە کە کۆمەکی چاکیان کردوە، مەگەر خۆیان نەیانەوێت ناویان بڵاو بکرێتەوە
10- بەرپرسی دارایی گشتی کۆبوونەوە (لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە) بە بەرپرسی دارایی کۆمیتەکان بکات.

بەندی 17: هەڵوەشانەوەی ڕێکخراو

1- لە ئەگەری نەبەستنی کۆنگرەدا دوای بانگردن بۆ بەستنی کۆنگرە دووجار لە نێوان 3-6 مانگ، لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا، بڕیاری هەڵوەشانەوە بە بڕیاری دوو لەسەر سێی بەشداربووان دەدرێت.
2- سامانی ڕێکخراو دەبەخشرێت بە ڕێکخراوێکی هاوچەشنی خۆی یان مرۆڤ دۆست یا بۆ بوارێکی مرۆییانە تەرخان دەکرێت، ئەمەش دەبێت دوو بۆ سێی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیاری لەسەر بدەن .
3- لە ئەگەری بەدیهاتنی ئامانجەکانی ڕێکخراودا، ڕێکخراو هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەش لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا بە بڕیاری دوو لەسەر سێی بەشداربووان. سامانی ڕێکخراویش بەو سەرئەنجامە دەگات کە لە بڕگەی 2دا باسکراوە .

ئەندامی شانازی
- هەموو ئەوانەی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە ستەملێکراوەکاندا چالاکن یان هاوکار و دڵسۆزی دۆزی کێشەکانی کوردن و هەوڵ بۆ ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کورد کراون و دەکرێن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەکرێت وەک ئەندامی شانازی دەستنیشان بکرێن.


## چاودێری کوردۆساید

**Kurdocide Watch**

www.kurdocide.com

www.kurdocidewatch.net

kurdocide@hotmail.com


**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتیی‌ەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی ناوەندی چاک کاری دەکرد،لە 24-1-2009 ئە م ناوە ی ئیستای وە رکرت ,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات.**

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**